

# ئیمان و مەعنەوییەت

## لای مامۆستا مەلا ئەحمەد کاکە مەحموود

**ئارام بامۆکی**




ئەڵبەتە تەریق بوونەوەیەکی عارهێنەرو گەورەیە بۆ من کە ئەمڕۆ قەدەر وایکردووە بکەومە ناو دنیایەکی جەفاکێش و جەنجاڵ و بێ کەسی و بێ نازی و بێ غیرەتییەوە! و لێرەداو بەم شێوەیە کە ئەگەر بتوانم بکەومە قسە لە سەرکردن و باسکردنی ئەوەی کە نەدەبوو بەم شێوەیەو بەم جۆرەبێت، چونکە دەبوو جۆرو شێوەیەکی تربێت بۆ من قسەی لەبارەوە بکەم، ڕۆژگارێك کەتەنیا خۆر ماوە تا بە پێچەوانەوە هەڵبێت و دنیا کۆتایی پێ بێت. ئیدی هەموو شتێك پێچەوانەیە!، تا ئەوەی بڵێم زەمین بۆ پیاوچاکان بچوك بووەتەوە دەبێت بۆ ئاسمان بڕۆین.

تا ئەم ئاستە لەوە تێگەشتووم کە هەرگیز بەرژەوەندیی و دین پێکەوە نایانکرێت و هەرگیزیش ئیمان بێ بوونی مەعنەویەت ناگاتە پلەی تەواوەتی و کاملّی خۆیی و هەرگیزیش مەعنەویەت بەبێ عەقیدەیەکی پاك و یەك لایەنەو ساف و بێخەوش دروست نابێت، ئەمەم لە جەنابی مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحموودەوە بۆ دەرکەوت و تێیگەیشتم کە پراکتیزەکردنی موجاهیدانەو عیرفانیانەو زاهیدانەو پێشمەرگانەو سەرکردانەو پێشەوایانەی ئەوە کە توانیویەتی ئا

بەو چەشنە بێت و پێناسەیەك لەم ئاستەدا ئاستەمەو تەریق بوونەوەو شەرمەزارییە بۆ من و بۆ ئەوانەشی کە ڕۆژگارێك لە حزورو خزمەتی مامۆستادا بووبێتن و تا قیامەت ئەو ویصاڵەیان لە بیر بچێت کە هەر بۆ ساتێکیش بوو بێت کە گەشتبن بە دیداری ئەو زاتە سەر ڕاستە. لێرەدا ئیدی من هیچ شتێك لە بیر ناکەم، تەنانەت ئەگەر خۆشمم لە بیر کردبێ ئەو لە بیرناکەم!.

چونکە لە ئەوەوە فێری زۆر شت بووم، کە هەموویان لە ناو ئیمان و مەعنەویەتدا خۆیان دەبیننەوە. کە دەمەوێت زیاتر بۆ ئێوەی وردبکەمەوە کە چۆن ئەم زاتە لە ژیانیدا وای کردووە کە بە چ ڕەنگ و بە چ جۆرێك لە ئیمان و مەعنەویەتدا خۆی ببینێتەوە؟، ئەڵبەتە هیچ مرۆڤێك بەبێ ئەو دوو چەمکە ناتوانێ تەنانەت بچوکترین پێناسەی خۆشی بکات و ئەو دوو چەمکەش هەر دووکیان پێکەوە دەتوانن ببنە تەواوکەری وەزیفە ئاسمانیی و زەمینی و ئیسانییەکانی خۆی، ئیمان و مەعنەویەت لای مامۆستا وەك گرنگترین بنەما تەماشا دەکراو ئیسلام و پەیامەکەی لە بەرێکردنی ئەم دووانەدا کە لەگەڵ خوێن و ڕۆحیدا بوو بوون دەبینی، ئەم تێکەڵ بوونەی ئەو بەم چەشنە بۆ ڕزگاری خۆیی و مرۆڤایەتی لە کەندەلانی خەرەندێ کە ئەصڵ خۆمان دەستمان لە ئامادەکاریدا هەیە بۆ خۆ لە ناو بردن، بەڵام خۆش بەختی بۆ مامۆستا کە خۆی ڕزگار کردو بۆ ئەوانەی کە وەکو ئەون و بەڵێنی ئەوەش دەدەم کە هەرکەسێك پێ بە پێی هەنگاوەکانی ئەو هەڵبگرێ ئەویش ئەچێتە سەر سکەی نەجات بوون و لە قەیرانی بەرژەوەندیی و ئیمان و ژیان و پەیوندییە ئاڵۆزەکانی دنیاو سەر زەمینی نەخۆش سەرفراز دەبێت و وای لێدێ کە هەستی بەوە بشکێ کە ئیمان و مەعنەویەت ئەصڵێکی گەردونی هەیەو هەڵگرانی ئەم یەکێتییە ئاسمانییە پەیامکردە وادەکات بەم جۆرە مامۆستا بگاتە ئەو ئاست و پلەو پایەو باڵا زرافییەی کە بەراستی لایەق و هەڵگری بوو. لێرەدا تۆی خوێنەر بیرێك لە خۆت بکەرەوە بزانە ئایا تۆش وایت؟. من ئەگەر لە عارو تەریق بوونەوەشدا بێت یان لە بەر بینینی ئەو هەموو خەسڵەتە جوان و گەورانەش بووبێت دەبێت هەر هیچ نەبێت لە ژێر سێبەری پیرۆزیدا نەیەمە دەرێ.

ئەو سەراپا میلۆدێکی ئاسمانی بوو بۆ تەواوی نەتەوەو میللەتەکەی کە چۆن لە هەولێ ئەوەدا بوو بۆ گشت تاکەکانی کۆمەڵگا فێری ئەخلاقیاتی ئیمان و مەعنەویەت بکات کە پەیامێکی ئاسمانی و هەموو پەیامە ئاسمانییەکان لە گەڵیدان و وەك خۆرسك و خانە خوێیی ناو خوێن وگۆشتی مێژوویی و ئاینی و شوناس و کەڵچەر و ئیحساسی کۆمەڵاتی و سیاسی و ژیاری میللەتەکەی بوو.

لەناو ئەم تێڕوانین و ئیمانەی ئەودا جیاواز لە تێگەیشتن و تێڕوانینی ئێمە کە بەراورد لە چاو جەنابیدا وەك مەلەوانێکی بێ دەست و قاچ و چاو واین. لە مەفاهیمە شەرعییەکاندا لە هیچی کەم نەبوو، بۆ شرۆڤەو لێکدانەوەو فەتوا بە کەڵکەکانی، مامۆستا کرێکار گوتەنی ئەو قەرزاوی کورد بوو. هەرچەند قەرزاوی لە ناو نازو نیعمەت و کۆشك و ڤێلاو بەهەشتە سیحرییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپادا بوو بە قەرزاوی، خۆ ئەحمەد کاکە مەحموود بێ نازو نیعمەت و بێ کۆشك تەلارو ماڵ و شارو وڵاتی سیحریش بوو، موجاهید و پێشمەرگە و کەم دەست و ئاوارەو بێ پشت و پەنا بوو، بەڵام هەمیشە ئومێد و ڕوی لە خودا بوو، لە فەزای دنیای گۆڕانکاری و پێشکەوتن و تەکنەلۆژیاو چەمکە تازەکان و دەرهاویشتەکانی دنیای جیهانگیری چاك تێگەشتبوو. هەر لە سەرەتاوە پێ بە پێ بێ دواکەتن لە قسە لەسەر کردن و ڕاو بۆچونی ئیسلامی و شەرعیی و تێگەیشتنی تایبەتیانەی خۆی لە گەڵیان دەچوو. تابڵێ بەوانەی کە بەناوی بیرو باوەڕی جۆراو جۆرەوە کە کۆمەڵگایان تەفرە داوە لە پێشکەوتن و جموجوڵی فرە ڕەنگ و فرە چەشنی دنیای فەلسەفەو بەرەوە کەلتورەی و سیاسی و پێشکەوتنە عەقلی و زانستی و ڕۆحییەکان، مەعنەویەتی مامۆستا لە ئاستێکی مەزندا ڕۆڵی جوامێرانەی خۆی دەگێڕاو زۆر سەنگین و پڕ بە پێت و پڕ بڕشت بوو لە ئاست تەواوی کایە کۆن و نوێیەکاندا، لە کات و شوێنی خۆیدا ڕادەوەستاو خەڵکی ئاگادار دەکردەوە لە ڕوداوی هەر پێشهات و جموجوڵێ کە ئایا تەبا دێتەوە یان ناتەبا، لەگەڵ شەریعەت و مەنهەجی ئیسلام و بەرژەوندییە ئیسانیی و ئەخلاقیی و نەتەوەییەکانی میللەتەکەیدا، بۆ ئەوەی لە چۆنییەتی مامەڵەکرن و لەگەڵ بوون و نەبوونی شتەکاندا بە جۆرێك پێش بە خراپەکان بگرین کە تا دەرئەنجامێکی باشمان هەبێت،



دەرئەنجامێك کە ڕێگا ئەصڵەکەمان لێ ون نەکات یان بە لاڕێدا نەمان بات. ئەم مەعنەویەتەشی لە خۆڕا بۆ نەهاتبوو، بەڵکو هەموو هەوڵ و ماندو بوون و شەونخونیی و گەرماو سەرما چەشتن و خەباتە بێ وچانەکەی بوو کە خۆی لە ئەزموونی دنیا نەویستی و وەك زاهیدی تەرکەدنیا پاك و بێگەرد و شەونوێژی بەردەوام وایکرد کە ئیدی ئەو زانا و موفەسیرو شەرعزان و سەرکردەیەی لێدەر بچێ. ئاخر کەم کەس دەتوانێ وەکو ئەو هەڵگری ئیمانێکی لەو چەشنەو مەعنەویەتێکی لەو جۆرەو زوهدێکی باڵا لە خۆیدا بەرجەستەبکات. لە مێژووی ئێمەدا دەگمەنە و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

ئەوانەی کە بەڕاستی و بەتەواوەتی لە پێناو ئیسلام و میللەت و مرۆڤایەتیدا ژیابن لە سەرەتای ژیانی مامۆستاوە ئەو دەستپێکە دەبینم کە بە نارەحەتی و پرمەینەتی ڕۆژگارەکەی ئەوەوە بگرە تا هەناسەدانی ئێستای ئێمە کە ڕوناکی زۆر بە ئاسانی نادۆزرێتەوە و تێکەڵەیەکی تەواوەتی دەبینم لە نێوان ئەو مەعدەن و مادانەی کە نەدەبوو تێکەڵ بىن، وەك تێکەڵ بوونی مادەو مەعدەن و خۆراکە ڕۆحیی و ویژدانیانەی کە سەر لەبەری ئینسانی بوونمان هەڵدەوەشێنن! ، هەر چەند ئەو چرای خۆی پێبوو، کەڕۆشتیش هەر بە داگیرساوی بۆ ئێمەی دانا، تەنها ئیشیشی بۆ ئەوە کرد ئەو ڕوناکییە لە دوای خۆی جێبهێڵێ تا دڵنیا بێت لە تەواوکردنی وەزیفەکەی خۆی کە بەرنامەی خودایە بۆ ئەو و هەموو تاکێك لە سەر زەمینەدا. بەڵام خۆ ئەو چرایەی ئەو هەروا بەبێ هیچ و لە خۆڕا ئیشناکات و ڕوناکی نابەخشێ؟، بەڵکو دەبێت ئێمەش ئاگامان لێی بێت چونکە ئەویش لە یەکێکی کەو نورەوانێکی کەوە وەریگرتووە، دەبێت زۆر بە وریاییەوە لەگەڵی بین و خۆراکی بەینێ و ئێمەش وەکو ئەو لە هەزاران جۆر ڕەشەبای دەستکرد و تۆفانی توندو جۆراو جۆر کە تەنیا بۆ کوژانەوەی ئیشراق و بەختەوەری پەیدا بوون و دروستکراون و بەردەوام لە گەشەکردن و دروست بووندان بپارێزین و ئاگاداری بین. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەزموونی مامۆستا ئەزموونێکی پەتی و سادەو ساکارو ئاسان نەبووە، بەڵکو ڕۆژانی زۆر تاڵ و تفتی پێوە بینیوە و ڕێگای تولانی ڕۆح و جەستەیی زۆری بڕیوە، تەنگ و چەڵەمە و نارەحەتی تاقەت پڕوکێنی کەم وێنەی پێوە بینیوە، هێزو وزەو دەماخ و زاکیرەو ئیدراکی زۆر ماندوکردووە لە بە دەسهێنانیدا، چەندین جار کەوتۆتە ناو مەوقیفی حەریج و تا هێنەرەوە، دەیان جار لە مردنی مرۆ کردە گەڕاوەتەوە، هەڕەشەی لێکراوە، داو و تەڵەو تاقیکردنەوەو تەماحی خراوەتە بەر پێ، ئیهانە و حەسرو ئاوارە کراوە، خەمی خواردوە، لە نزیك مردنەوە

ئیشی بۆ جوانکرنی ژیان کردوە، لەناو ژیاندا ئیشی بۆ ناساندن و حەقیقەتی مردن کردوە، هەمیشە لە نزیک شەهید بونێکی حەقیقییەوە بووە، کەسەکانی لێی تۆراون چونکە نا بەخشیدە نەبووە، ئەم لە کەسەکانی تۆراوە چونکە ئەم بەخشیدە بووە، دەستی هەڵگرتووە لە ئیمتیازات و مەهامەی گەورەی دەوڵەتی چونکە ناعەدالەتی هەبووە لە ولآتدا، دژایەتی توندی هەر جێ و لایەن و کەسێکی کردوە ئەگەر لە یاساو ڕێساو شەرعەتی ئیسلام لایدا بێت، کاتێ هەڕەشەی کردوە بۆ ئاشتی بووە، کاتێ هەڕەشەی لێکراوە ئەم داوای ئازادی کردوە بۆیە هەڕەشەی لێکراوە، لە ژیاندا باجی زۆری داوە چونکە ئەصڵی ڕێگاکە خۆی وایە تەڕو توشی زۆر تێدایە، لە ڕۆژگارێکدایە جێگەی بەزەییە، کەم کەس دڵی بۆی دەسوتێ کەچی ئەو دڵی بۆ هەموو کەس دەسوتێ، چونکە کەسەکان و خەڵکەکان و مرۆڤەکان دورکەوتوونەتەوە لە حەقیقەتی مانای ڕاستەقینەی ئیمان و ئەوین و مردن، کەسەکان چاکەو خراپەیان تێکەڵ دەکرد، وەفاو پەیمان شکێنیان تێکەڵ دەکرد، عەقیدەو کوفریان تێکەڵ دەکرد، شەریعەتی ئاسمانی و ڕێسای لاڕێییان تێکەڵ دەکرد، حەلآڵ و حەرامیان تێکەڵ دەکرد، ئاوو شەرابیان وەك یەك تەماشا دەکرد....هتد. مامۆستا ئاگاداری ئەکردنەوە، هەموو ئەمانەی لە گوتارو ناو کتێب و ئامۆژگارییەکانیدا لەم کارەساتانە وریایی پێ ئەدان و لە دەرئەنجامی خراپ ئاگاداری ئەکردنەوە، ئەم هەموو ڕێگە تەڕو توشەی گرتە بەر بۆ سەرفرازی و بەختەوەری ئێمە، هەموو پیاو چاکان شاهیدی ئەمەن، ئێمە شاهیدی ئەمەین، ئیمان و ئەوین و مردن شاهیدی ئەمەن، تەفسیرو کتێب و وتارو هەوڵە بێ وچانەکانی ژیانی شۆڕشی شاخ و شاری شاهیدی ئەمەن. ئەو بەردەوام خۆی لە ئەزموونەکەیدا قاڵ دەکردەوە، چونکە دەیزانی تاموو چێژی ئیمان لەوە دایەو هەمیشەش وەك زاهیدێك وابوو بۆ دەورو بەری، هەموو کەس مەحتاجی ئەو بوون چونکە ئەو لە هەموو کەس دەوڵەمەندتر بوو، چونکە ئەو خاوەنی مەزنترین کۆگای مەعنەویەت بوو، تەواو ڕستگۆ بوو لەگەڵ خودای خۆیدا، هێزی ئیمانی وایلێکردبوو کە شایان بەو مەقام و مەرتەبە و ڕێزە بێت.

هەر کەسێك وەك ئەو نەچوبێتە ناو ئەو مەقام و پلەو توانستە ڕۆحانییەوە هەرگیز ناتوانێ دەم و پل لە ئیجتیهاد و ڕاڤەو تەفسیرە تازەکان بدات، وەك هەندێ لە تازە پێگەشتوانی گەنج و بە کووت گەورەکراو کە دەڵێن سەردەمی ئیجتیهاد و گۆرانگارییەکانی تازەی فیقە ڕاوەستاوە و هەروەك چۆن سەردەمی موعجیزە نەماوە ئاوەهاش کات و ساتی ئیجتیهاد بەسەر چووە، مامۆستای ڕەحمەتی زۆر بە جوانی وەلآمی ئەوانەشی دەدایەوەو بەردەوام لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکارییە تازەکانی دنیادا قسەو باسی پڕ بەپێستی خۆی هەبوو، وەلآمی تەواوی پرسیارەکانی ڕۆژگاری دەدایەوە و بۆ هیچ شتێك دانەدەماو وەك کەسێکی داهێنەرو قودرەتمەند و هونەرمەندو سیناریست و ڕەخنەگرو لە هەمانکاتدا پیاوی ڕۆژی تەنگانەو سیاسەتوان و کەسی کۆمەلآیەتی و مەعنەویەتگەراو دەست ودەم گوشاد و ئاییندە بین دەهاتە گۆو قسەکردن و بەرهەم و خەبات و ماندوبوونەکانیشی شاهیدی ئەو ڕاستییەن و گەواهیدەری ئەوەن کە مامۆستای ڕەحمەتی فێرکارێکی زۆر بلیمەت و بەتواناو ڕۆح بین بوو بۆ خوێندنەوەو چارەسەری تەواوی ئەو کێشەو دەموچاوانەی کە زیاتر لە دوو دیوو، زیاتر لە دوو ڕویان هەبوو! ، وەك مامۆستای کۆمەڵناسی و دەرونناسی و سیاسەتزانێکی حەکیم چاك لە مامەڵە و پەیوەندیە گشتی و تایبەتی و ئینسانییەکاندا ئیحساس و زومی مایکرۆ دەرکی هەبوو، بۆ کەشفکردنی نهێنییە شاراوەکان و پڕ تەلیسم و گوماناوییەکانی مرۆڤ، بەو چەشنە دەرکی ئەو لەسەر زومێکی زۆر وردو پڕ تواناو نوری درەوشاوە بوو بۆ دەست نیشانکردنی نەخۆشی و کێشەکان.

**تەواو زانا بوو، تەواو کەسێکی ڕۆحانی بوو، تەواو کارەکتەرێکی سیاسی بە ئەزموون بوو، لادانی نەبوو لە عەقیدەو ئیمان و بیرو باوەڕیدا، وەك ئێمە ترسنۆك و ترساوو فشۆڵ و ژیان خۆشەویست نەبوو**، سەردەمانێك بەعس ڕۆحی فریشتەی نابەعسیی دەردەهێنا مامۆستای ڕەحمەتی هیچ جۆرە سازش و خۆنزیککردنەوەیەکی نەبوو بۆ ڕژێمێکی کورد کوژو مرۆ کوژ، وەك دەمان بینی کەسانی بەناو مەلاو کەسایەتی سیاسی کوردی کە چۆن هەمیشە لە سەر سفرەی دوژمنانی ئیسلام و کورد بوون و بووبوون بە

خورەی ئەخلاق و عەقیدەی میللەتەکەی خۆیان و لە سەر پارەو پول و سەروەت و سامان و ئیمتیازات بێ ملاّمەت و بێ باك بوون و خۆیان و دین و نیشتیمانەکەیان بیر چووبوویەوە و تا ئەم ئاستەش ئەو جۆرە کەسانە بەردەوامیان هەیەو بەناوی ئیسلام و کوردایەتی و خەباتی نەتەوەی بندەستەوە خوێن و خۆراکی کۆمەڵگەکەیان بە فیڕۆ دەدەن و باکیشیان بە دوا ڕۆژ و قیامەت و بەرپرسیاری ئایندەو مێژوو نییە.

بەهەشتی.. تابێ ئیمان و عەقیدەی خۆی پەروەردە دەکرد، لە بانگەوازو جیهادو ڕۆژانی خەباتی شاخ و ڕوبەڕو بوونەوەدا لە یەکەمینەکان بوو، هێزێکی مەعنەویەتکارانە لە ڕۆحیدا هەبوو، هەر ئەمەش بوو وایلێکرد لە دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی خۆماڵیی و ئیسلامیدا بۆ خەبات لە پێناو ئیسلام و خاك و کۆمەڵگاکەی لە یەکەمینەکان و دەستەی دامەزرێنەری بێت، ڕۆژگاری پێش دامەزراندنی بزووتنەی ئیسلامیش مامۆستا هەر سمبول و قودرەتمەندو جێی ئیعتیبارو ئومێدی نەتەوەکەی بوو، دروستکردنی بزووتنەوەی ئیسلامیش زەرورەتێکی واقیعی و مێژوویی بوو، وەرچەرخانێك پڕ بەپێستی ڕۆژگارەکەی خۆی، چونکە دەمێك بوو ڕەوتی خەباتی کوردی ڕێڕەوێکی عەلمانیانەی وەرگرتبوو، لەبەر ئەوە حاڵەتێکی زۆر حەساس و چارەنوسساز هاتبووە ئاراوە، لەگەڵ ئەو ڕەوتە ناحیزبیەی کە هەر لە سەرەتای شۆڕشەکانی کوردەوە هەبوون بۆ ناساندنی مەزڵومیەتی میللەتی کورد، کە دەبێت بە چارەسەرێکی ئیسلامیانە بکرێت، چونکە ڕەوتی ئایدیا هاوردەکانی غەیرە دین جگە لە پاشەکشە پێکردنی بەرەو پێشبردنی چارەسەریی بۆ داواو مافە زەوتکراوەکانی کوردی هیچی پێنەکراوە ؟، ڕۆژگارەکەش وابوو لەو جۆرە حیزبانە سەر هەڵبدەن، بەلاّم نەدەبوو بەو چشەنە بن کە میللەت و نیشتمانەکەیان بکەن بە قوربانی بیرو باوەڕەکەیان، چونکە تەواو پشتیان لە دین و عەقیدەی میللەتەکەی خۆیان کردبوو، بەهەر حاڵ ئێمە نەتەوەیەکی بندەستین ، فرە ڕەنگیمان پێویستە، حیزبەکەی بەهەشتی وەلاّمێك بوو بۆ ئەوانەی کە دەیان وت کورد لە شۆڕشی نوێیدا حیزبی ئیسلامی ڕۆڵی نەبووە، وەیان دەیان وت هەر بوونیشی نەبووە، لە کۆن و نوێدا بزووتنەوەکانی دیکەی کوردایەتی بەدەستی کەسانی ئاینی و خۆماڵی کراوەو لەئاست شۆڕشی ئەخلاقی و ئینسانی و ئاسمانیدا بوون، بزووتەوەش درێژە پێدەری ئەو شۆڕشانە بوو، بزووتنەوەی عەلمانییەتی کوردی ئەزموونێکی چەواشەکارانەی پەیڕەو کردووە لە مێژووی خۆیدا، چونکە هەر لە سەرەتاوە کۆتایی ئەم ئەزموونەمان بینی، وا دەبینین لە سەر ئەزموونی فاشیلیەت ئەم قۆناغەشمان بەرێ دەکەین، دواجار ئەوە ئیشی منە لە ئایندەدا لە سەر ئەمە بدوێم لێرەدا شوێنی ئەوەم نییە چونکە لە باسەکەمان دەچینە دەرێ.

نمونەی بەهەشتی و هەڵگرانی ڕێبازەکەی بەسە بۆ ئەوەی لە ئیمان و مەعنەویەتی مامۆستا بگەین و فێر ببین، کە مرۆڤ دۆست بین، مرۆڤ دروست بکەین نەك مرۆڤ خۆر بین، بە وەفا بین لە پێناو وەفاو ڕاستگۆیدا بمرین، پێشەنگ و سەر ڕاست بین لە پیاوەتی و مروەت و مەجدو شکۆدا بەخشیدە بین، بۆ ئازادی و یەکسانی و دادوەری چالاکوانێکی بە ئەزموون و سیاسەتوانێکی نەدۆڕاو بین، بۆ ڕۆح و لە پێناو ڕۆحدا مەعنەویەت و ئیمان بە خەرج بدەین...

**ئەقڵیەتی کراوەو شەفاف**
**لە تێڕوانینەکانی مامۆستادا**

لەم ئاستەدا ڕاوەستانێکی تەواوەتی دەوێت لە بەرامبەر ئەو هەموو ئەزموون و خودخولقییەی ئەودا، کە بەردەوام لە کامڵ بووندا بوو، موتەمەکینی ئەو بەڕادەیەك جێگای لێ وردبوونەوەو ڕاوەستان بوو لە بەرامبەریدا، چونکە ئەوەندە کراوەو شەفاف و تێگەیشتوو بوو نەدەکرا وەك فەیلەسوف و عاریف و موفەسیرێك تەماشای نەکەیت و نەیبینیت، لە بەرامبەر چارە سەرییەکاندا بۆ هیچ دادەنەما و لە هەموو کەس جیاوازتر لە کێشەکانی دەڕوانی، هەر بۆیە جیاوازتر لە کەسانی تر بیری دەکردەوەو بەجۆرێکی تر کێشەکانی حەل دەکرد، لە دنیایەکی جەنجاڵی ڕۆژگاری خۆیدا لەو مەیدانەدا خاوەن مەهارەتی تایبەتی و تەواوەتی خۆی بوو، لە بەرامبەر شتەکانەوە ئەم زۆر پلە بالاّ دەیڕوانییە سەرهەڵدانی چەمك و دیاردەکان و زۆر شارەزا قەڵەمی دەخستە سەر کێشەکان و ڕاو سەرەنجی تایبەتی خۆی هەبوو لە بارەیانەوە، لەم بارەیەوە جێگەی باوەڕی تەواو و ئیعتیباری جەنابی مامۆستا مەلا عوسمانی بەهەشتی

بوو، لەتەواوی کایەکانی شەرعناسییەوە بێ چەندو چوون بوو، ئەم بلیمەتی و شارەزاییەی هەر بە هەوڵ و هیمەت و ماندو بوونی خۆی بوو، ئەمە وانیشان دەدات کە ئەم لە سەر پێ وەستان و گەشەی ڕۆحی و زانستییەی خۆی وەك ئەرکێکی ئەخلاقی سەیرکردووە، تا گەشتە ئەو مەقامە مەزن و باڵایە، کە هەموو کەس و لایەك مەحتاجی بوون و تەنانەت شەرعزانەکانیش دەگەڕانەوە بۆ لای ئەم بۆ زانیاری زیاتر و چارەسەری باشتر لە کێشە کۆمەلاتیی و شەرعیی و سیاسیەکاندا، چونکە ئەزموونێکی موتەکاملی هەبوو، چونکە ئەزموونێکی دورو درێژو تاڵ و تفتی لە ڕۆژگارەکانی تەمەنیدا سەرفکرد بوو، کارکردن لەسەر بەستنەوەی ئەو پرۆسە ئەخلاقی و فەلسەفی و بابەتیانەی کە دەبێت کەسێکی وەك ئەو هەبێت قسەیان لەبارەوە بکات، چ ئەو بابەت و کایانەی کە لە دنیای دەرەوەی ئیسلام و لە لایەن تەوژم و ئایدیاکانی ترەوە دەهاتنە ناو دنیای کوردییەوە و چ ئەو تێڕوانینە تازانەی کە سروشتی و ناسروشتی کە لە دنیای ئیسلام و خودی پەیامەکەوە دەهاتنە دەر؟، ئەو بێ دوو دڵی و بەزمان و ڕێزمانێکی ڕەوان و پاراوەوە کە مەگەر کەسێکی وەك هەژار موکریانی لە زمان سازیدا خۆی خەریککردبێ ئاوەها لە کتێب و نوسراوو دەست نوسە جێماوو دەنگ و دیدارەکانیدا دەبینرێن و ئەمانە شاهیدی ئەو ڕاستییەن، گەر زیاتر بچینە ناو کرۆك و مەغزای بەرهەمەکانییەوە ئەوا ڕونتر بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن ئەم زاتە بەردەوام لە قوڵاییدا ژیاوە، قوڵاییەك کە کەم کەس پەی پێ ئەبا، ئەو هەمیشە خاوەنی وەڵامی خۆی بوو لە ڕۆژگاری ونبوونی پرسیارەکانیشدا، هەمیشەش خاوەنی پرسیار بوو بۆ ئەوانەی کە بێ وەڵام بوون لە بەرامبەر پرسیارە بێ وەڵامەکاندا.

هێزی قودرەتمەندی ئەو بە جۆرێك بوو هیچ کەس لە ئێمە ناتوانێ بۆ سەدەیەکی تریش نەوەیەکی وای لێدروست ببێت، ئەم نەك عیلم و خودان لوتف و کراوەو شەفافیەتیەکەی بگرە ڕەنگ و ڕوخسارو سیماشی لەو جۆرە پیاوانە بوو کە سیحرو ئەفسونی خۆی هەبوو، جیاواز بوو، سادەبوو، گەر کەسێك بیویستایە بیناسیبایە یەکڕا دەبوویە هاوڕێیەکی بەردەوامی و بەجۆرێك پەیوەست دەبوو پێیەوە کە بۆ هیچ ڕۆژگارێکی تەمەنی نەتوانێ لە بیری بکات، ئەمە هەموو کراوەیی و عەقڵیەتی مرۆڤ دۆستانەی ئەو بوو لە بەرامبەر کەسەکان و دیاردەکاندا، چونکە تێڕوانینیەکانی تێڕوانینێکی هیومانی و ئاسمانی بوو بۆ مرۆڤایەتی. سیفەتی ڕابەری و شکۆی ئەو ئەوەندە کاریگەر و کامڵ بوو کە چیدی نەتدەتوانی ڕاستی ئەوە نەدەیت بەخۆت کە ئەو خاوەنی ئومەتێکی موتەکاملە لە خۆیدا، ئەگەر چی ئەو ئومەتەش لە سەر ڕوی لاپەڕەو کتێبەکانیشی بێت دواجار ئەو هێزی ئەوەی هەبوو کە ڕابەری گەلێك و نەتەوەیەك بکات، دەکرێ ئێمە وردتر بچینە ناو خوێندنەوەی کەسێتی مامۆستاوە، بۆ ئەوەی وردینە تر ئەو خەسڵە پڕ بەهاو گرنگانە جیابکەینەوە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا نەوەکانی دواتر کەسایەتی و موفەسیرێکی وەك جەنابی بەهەشتی بناسن و گەورەیی ئەو زاتەیان بۆ دەربکەوێت و چاو لە ئەو بکەن.

**سەنگ و قورسایی**
**لە گۆڕانکارییە سیاسیی و**
**نەتەوایەتییەکاندا**

گومانی تێدانییە کە کەسایەتی و جموجوڵی بەردەوامی ژیانی مامۆستا بەدەر نەبووە لە هەر هەوڵدان و ڕۆڵبینین و ماندوبونێك لە چارەسەری کێشە ئینسانی و نەتەوایەتی و سیاسیەکانی کورددا، ئەم تواناو مەهارەت و مەقام و جێکەوتەی جەنابیان وەك شتێکی سروشتی و خۆڕسك لە ناخ و خودی مامۆستادا هەبووە، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئیمانەکەی وای پێوتووە و ئەو مەعنەویەتە بەردەوامەشی پاڵپشتی بووە، بۆ ئەوەی کە هەمیشە پێشەنگ و لە پێشەوەی پێشەوە بێت لە تەواوی گۆڕانکارییە سیاسی و نیشتیمانییەکاندا، لە حاڵێکدا وەها کەسێك دەگمەنە کە گیان و ماڵ و خوێنی خۆی بکاتە قوربانی بۆ گەشتن بە سەر فرازی خۆی و میللەتەکەی، ئەم پێشەنگییەی ئەو زیاتر سەنگ و قورسایی پێ دەبەخشی وەك لە ئارائو بۆچونەکاندا لە کاتی سەر هەڵدانی پێشهاتە هەنوکەیی و ڕیشەدارەکاندا حساب و مشۆرەتی پێدەکراو بڕیار دەر بوو، وە بوونیشی لە ناو حیزبێکی ئیسلامیدا و قیادەکردنی بەردەوامی ئەو و دانەبڕان لە هەوڵەکانی بۆ خۆی ئەو کەسایەتییە مەعنەوی و ئیمانیەی پێ دەبەخشی، ئەگەر چی ئێمە شاهیدی ئەوەین کە

ئەم زاناو سەرکردەیە بە درێژایی ژیانی چۆن توشی سەدان کارەسات و دەربەدەری و ئاوارەیی و هەڕەشەو پەراوێزخستن و دورکەوتنەوە کراوەوە و بووە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم سەرکردەیە تەنیا بۆ ساتێك ڕانەوەستاوەو دڵی خورپەی نەکردووە و بەردەوامی داوە بە کارو چالاکڤانی پیرۆزی خۆی، چونکە ئەیزانی ڕۆژگاری ئەو بۆ ئەوە نییە کە پاڵی لێ باتەوەو خەمساردانە لە کێشەی میللەتەکەی بڕوانێت. ئیدی وەك فریشتەی نەجات و چاو ساغ هەمیشە بە دووی ئەوەوە بووە کە نەتەوەکەی بپارێزێ لە تەنگ و چەڵەمەو ئازارو کارەسات و بندەستی و نائومێدی، ئەو زاکیرەو کەلتوری مێژووی ئیسلامی و بزافێکی ئیسلامی کوردی بوو، سیاسەتوانێکی ئاشتی خوازو نیشتیمان پەروەر بوو، لە ئاست قەیران و گەمەو کێشە سیاسییە گشتییەکاندا کە توشی کەینونەو ماڵی کوردی بووە ئەو هەوێنی ئاشتی و کۆتری بەرائەت و ئازادی بووە، هەمیشە بۆ چارەسەریی و ئامانجی پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردن و بەرەو پێشبردنی ئەخلاقیات و کەلتورو هێنانەوەی شوناس و پێناسەی کوردی لە خەم و شەونخونی و خەباتدا بووە، چونکە ئەیزانی ئیسلام پێوەری حەقیقی و پەیڕەوی ئەو ڕەوڕەوە ژیاری و کومەلایەتی و سیاسییە کە خود بەخود هەڵگری بووە، وەك سیاسیە دۆڕاوەکان نەبوو، سازشی نەبوو لە مافە زەوتکراوەکانی کورددا، لە بچوکترین حاڵەتدا نەخۆی و نەحیزبەکەی پاشەکشەیان لە سیاسەت و عەقیدەدا نەکردوە، لە تەمەنمدا زۆر سەرکردەو کەسایەتیم دیوە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوریدا، مامۆستای رەحمەتی زۆر جیاواز لە هەموویان، زۆرمان بینی لە سەرکردەو کەسایەتی کە چۆن توشی نشوستی سیاسی و مێژووی و تەنانەت ئەخلاقیش بوونەتەوەو لە دنیابینی ئێمەو مێژوودا تەواو دۆڕاون و ڕۆشتنە ناو بازنەی خیانەت و بێ مەسئولیەت هەڵگری مێژووی خۆیان و میللەت و نەتەوەکەیانەوە. نموونەی جەنابی ئەحمەد کاکە مەحموود نموونەی سمبول و ڕابەرو سەرکردەیەکە کە هەموو دۆست و دوژمن چاوی لێبکات، دوژمنێکی سەرسەختی دوژمنە دینی و نەتەوایەتییەکەی بوو، هەر بۆیە بەعس حسابی تایبەتی بۆ خۆی و بزووتنەوەکەی دەکرد، چونکە جێگەی مەترسی بوو بۆ فکرەی بەعسیزم، هەر بۆیە بەعس وەك کەسێکی دژە بەرژەوەندی و هەژموونەکانی خۆیی لە قەڵەمی دەدا، هەر بۆیە بەعس هەڕەشەی گرتن و کوشتن و لە ناوبردنی داوە، چونکە ئەم سەرکردەیەکی بەوەفاو نەترسی ئیسلام و کوردایەتی بوو، سەنگەری چۆڵ نەکردوە تا مافە زەوتکراوەکانی میللەتە بندەستەکەی نەسەنێتەوە، لە بەرامبەر ئەو هەموو تەوژمە سیکۆلارو ئایدۆلۆژیا زەمینیانەدا ڕادەوەستاو وەلامی جەرگ بڕی دەدانەوە، چونکە دەیزانی تەرزە بیروباوەڕو ڕێچکەی نەخۆشی زۆرو زەوەند هاتونەتە ناو هەناوی کوردیەوەو توشی زۆر دەردیان کردوە، ناخۆشبەختیش بۆ کورد و ئەزموونە دورو درێژەکەی کە هەر جۆرە تەوژم و ئایدۆلۆژیایەك هاتبێتە نیشتیمانەکەیەوە وەك فەیلەسوفی مەزنی کورد مەسعود محەمەد وتەنی هەر لە سەرەتاوە ئەوان( بسم اللە)یان بەسەر بڕین داوە و لێشنەگەڕاون ئەو هەموو باس و خواسە بریقەدارانەی کە بە یۆتۆپیای خەونەکانیان پێناسیان دەکرد هیچ نەبیت ڕاستگۆ بن لەگەڵی و درۆ نەکەن لەگەڵ خۆیان و مللەت و مێژوویاندا، نەك خودی مەسعود محەمەد و چەندانی وەك ئەو گەورە پیاوە و جەنابی بەهەشتی و ئێمە دەزانین کە لە دنیای ناسۆنالیزمی کوردیدا شتێکی ئەخلاقی بەرهەم نەهاتووە، ئەوەشی ناوی دەنێن پلورالیزم و فرەیی و پێشکەوتن و ئازادی و عەقلێتی کراوە با بزانن ئەوانەو هەموو شتێك کە لێیەوە خزمەت بە کۆمەڵگاو ئینسانییەت بکات لای ئێمەوەیەو پەیامەکەی ئێمە گشت پانتاییە جوانەکان لە خۆ دەگرێت، ئیدی ئەوانەی بەناوی جۆراو جۆرو لە ژێر ئایدیای چەشناو چەشنەوە دێن و دروشمی مەتاتیانەی عەقیدە دۆڕاوەکەیان دەڵێنەوە و گوێی کۆمەڵگەکەی خۆیانی پێ دەئاژون و بۆ خۆشیان هەر تاوەو لە سەر میزاج و کەڵکەڵەی شتێکی ترن!، لێرەدا ئێمە شاهیدی ئەوەین کە لائیکی کوردی لە ڕۆژگاری سەر هەڵدانییەوە هەمیشە لە پاشەکشە دابووە لە بەمبەر دروشمەکانی خۆیداو هەر فەصڵەو بە ئاوازێك دەخوێنێت و بەرژەوەندی جەنتڵمانانەی خۆی پەیڕەو دەکات و هیچ لای نەنگی و عەیبە نەبووە خاکەکەشی بدۆڕێنێ و پاشەکشەی لێبکات، ئەدی منی گەنج و لاو چۆن

چۆنی سیقەو متمانە بدەم بە ئەوان؟!.

هەر ئەمەش وایکرد لە مامۆستا لە بەرامبەر هەژموون و ستراتیژ و سیستەمی جیهانگیری ئابوری و سیاسیانەی بەرژەوەند خوازیدا بوەستێتەوەو بڵێ ئەوە ئیسلامە هەژموون و ستراتیژو سیستەمەکەی دەخاتە خزمەت ئینسانییەت نەك ئێوەی مۆرڤ خۆرو زەمین کوژ!، ئەو شەڕی پڕو پاگەندەکانی بەناو دیموکراسییەتی کۆمپانیا زەبەلەلاحەکانی دنیاو نوێنەرەکانی لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا (واتە کۆمەڵگەی کوردی) باش دەناسی و دەیزانی ئەمە هەموو لە پێناو لە ناوبردنی ئەخلاقیەت و ئوسرەی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی حورمەت و شتێکی شەیتانی کردە بۆ لەناو بردنی سەر لە بەری کۆمەڵگا. چونکە دەیزانی شتێ بەناوی دیموکراسیەتەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونی نییە و کە هەیشە، هەڵگری پاشخانێکە لە ناعەدالەتی و پاشقول و خیانەت و دروستکەری چینەکان، ئەو حەل و فەصڵەی کە لە خزمەت چینە بالأکان و دوژمنی چینە نزم و هەژارەکانە شتێکە بە ناوی دیموکراسییەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا!، لە هەر کۆمەڵگەیەکیشدا ئەمەمان هەست پێکرد ئیدی نێتی ئەوەمان نابێت هەناسەیەکی بەختەوەر لە سنگماندا هەڵگرین، هەر وەك چۆن لە کۆمەڵگەکەی خۆماندا زۆر بە ڕونی دەیبینین. ئەی چۆن ئایدۆلۆژیایەك یان پەیڕەوانی بەو جۆرە بن ئێمە لە سیحرو ئەفسونی درۆزنانەی نەگەین؟، دەیزانی ئەمە جۆرێکی ترە لە بە کۆیلە کردنەوەی مرۆڤ، هەروەك چۆن لە پێش ئیسلامدا بە کۆیلە کردن و کۆیلەداری لە هەڕتی خۆیدا بوو، وا خەریکە لە سایەی دیموکراسی و بە ناوی دیموکراسی و لە ڕۆژگاری ئێمەشدا ڕەوتی بە کۆیلە کردن و فراوان بوونی چینەکان پەرە دەسەنێ و لە هەڕتی خۆیدایە، بە جۆرێك حاڵەتەکە زۆر لاسەنگ بووەو چیدی ماف و ئەرك تێکەڵ و پێکەڵ بوون و خوارو ژوور دەکات، لێرەدا مامۆستا دەیبینی کە چۆن بەرپرس و سەرکردە وا دەزانن مافیان زیاترە نەوەك ئەرکەکانیان؟!، کە لە ڕاستیدا ئەمە پێچەوانەکەی ڕاستە، بەڵام لە ئێستای حکومداری عەلمانییەتی کوردیدا سەرکردەو بەرپرس مافەکانیان زیاترە نەوەك ئەرك و وەزیفەکانیان، ئیدی شتێك نەماوەتەوە بۆ وتن کە مامۆستا نەیوتبێت تا ئێمە مەحتاجی تێڕاونین و ڕاڤەی دیاردەکانی سەردەم نەبین.

*** خوێنەری ئازیز/ هەر شتێکی جیاوازتان بینیبێت لەم باسەدا کە بە دەر لە بیرو بۆچونەکانی مامۆستا بوبێت ئەوا بۆ من دەگەڕێتەوە و ئەوە تێڕوانین و بۆچوونی خۆمە.**

**هەینی 2009/1/23.**

